# سەبارەت بە لێدوانەکانی مالیک دۆهان

پارتە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ڕاکێشانی پشتگیری عێراقی بۆ وەرگرتنی پۆستی سیادی خۆیان دەپارێزن لە وەلامدانەوەی بەرپرسانی حکومی عێراقی بەرامبەر بەو لێدوانە شۆفینییانەی بەرامبەر بە کورد و خاک و تاوانبارانی دەیدەن .

ئەوەتا دوێنێ 12-2-2005 ڕۆژنامەی ( ئەلشەرق ) ی قەتەری دیمانەیەکی لەگەڵ ( مالیک دۆهان ئەلحەسەن ) وەزیری دادی عێراقی بلاوکرۆتەوە.

لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە مالیک ووتی: " من پالپشتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەم ، بەلام بەبێ کەرکوک . ئایا ئەم ووتەیە پێویستی بە هەلوێستە کردن لەسەری نییە , قوربانییەکانی 4 دەیەی ڕابردووی کورد هەمووی بۆ کەرکوک بوو , ئەوەی مالک دۆهان ئەمڕۆ بە ڕەوای دەزانێت پێشتر سەدام و بەعس دانییان پیدانـاوە , تاکە ڕێگای ئاستەنگ لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا کەرکووک بووە , بۆیە ئەم ئیدعا شۆفینیستانەیەی مالیک دۆهان و دۆهانییەکان شەرمەزار دەکەین و بە پێویستی دەزانیین ڕاگەیاندنی کوردی و لایەنە سیاسی و دەسەلاتدارەکان وەلامی پێویستی پێبدەنەوە , کوردستانێکمان ناوێت بە سەربەخۆیی بێ کەرکووک .

لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی شەرق دەلێت : " ڕاستە سکالا لە دژی سەدام و دەست و پێوەندیەکانی هەیە ، بەلام تا ئێستا سەدام بەرپرس نیە لە کیمیا بارانکردنی کورد لە هەلەبجە ، چونکە ئەم چەکە ئێران هەیبوە ، ئەوەتا ڕاپۆرتە هەوالگرییەکانی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن کە بە چەکی ئێران لە هەلەبجە دراوە نەک چەکی عێراقی .

ئێمە لە ناوەندی هەلەبجە هەرچەندە کۆماری ئیسلامی ئێران بە شەریکە بەشی ئەو تاوانە دەزانیین ئەوە سەرباری ئەوەی لەو کارەساتەدا زیاتر لە 70 تێکۆشەری گوردانی شوانیان قەلاچۆکرد , پۆلێک بوون لە کوڕان و کچانی تێکۆشەری هەرە خۆشەویستی گەلەکەمان , بەلام لە هەمان کاتتدا هەر هەولێکی ناسیۆنالستە عەرەبەکان بۆ لەکۆل خۆکردنەوەی هەلەبجەو هەلەبجەکانی کە بە تاوانێکی کە دەزانیین , ئەو تاوانە عەرەبە نەتەوەییە شۆفینییەکان لە هەلەبجەدا ئەنجامییان دا ئێستا پێویستە تاوانبارانی لە هەلەبجە داگایی بکرێن و بە فەرمیش حکومەتی نوێی عێراق داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات لە پای ئەو تاوانانەی بەرامبەری ئەنجام دراوە , سەرباری تەعویز بۆ هەموو زیان لێکەوتوان . کیمیابارانکردنی هەلەبجە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بە سەرپەرشتی عەلی کیمیاوی و نەزار خەزرەجی ئەنجام درا و بەعس و دەسەلاتدارانی عێراق بەرپرسیاری یەکەمن لەو تاوانە , هاوکات ئێرانیش لایەنێکی کەی تاوانەکەیە کاتێک ناوچەکەی کردە بەشێک لەشەڕە کۆنەپەرستانەکەی و پۆلێک لە ڕۆلەکانی کوردی لەو کارەساتە ڕاستەوخۆ قەتلوعام کرد .

## ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی کورد-چاک

## www.chak.info2005-2-13 -